هەرکەسێک لە پێناو خوای گەورەدا بجەنگێت (بە ماوەی) نێوان دوو دۆشینی لەسەر یەکی وشترێک؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت، وهەرکەسێک لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێت یان شوێنەواری ئازار وزیانێک (بە لاشەیەوە) بێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت وشوێنی برینەکە (زیاتر لەوەی پێشوو) خوێنی لێوە دەردەچێت: ڕەنگی وەکو زەعفەرانە، وبۆنی وەکو میسکە

لە موعازەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک لە پێناو خوای گەورەدا بجەنگێت (بە ماوەی) نێوان دوو دۆشینی لەسەر یەکی وشترێک؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت، وهەرکەسێک لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێت یان شوێنەواری ئازار وزیانێک (بە لاشەیەوە) بێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت وشوێنی برینەکە (زیاتر لەوەی پێشوو) خوێنی لێوە دەردەچێت: ڕەنگی وەکو زەعفەرانە، وبۆنی وەکو میسکە».

صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە -] [دارەمی گێڕاویەتیەوە

هەر مسوڵمانێک لە پێناوی خوای گەورە بجەنگێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە ئەگەرچیش ماوەی ئەو جیهاد کردنەی لە پێناوی خوای گەورە هێندە کەم بێت وەکو ماوەی نێوان دوو دۆشینی ئاژەڵێک بێت لەسەر یەک کە ماوەی نێوانیان زۆر کەم بێت، بە جۆرێک پاش دۆشینی یەکەم وازی لێبهێندرێت بۆئەوەی بێچووەکانی لە شیرەکەی بخۆن پاشان جارێکی تر بیدۆشێت، و هەرکەسێک لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێت یان لەسەر ئەسپەکەی بکەوێت یان شمشێر لێی بدات وجگە لەمانە ئەگەرچیش برینەکە کەم بێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت وبرینەکەی بە زۆری خوێنی لێوە دەردەچێت، ڕەنگی خوێنەکە وەکو ڕەنگی زەعفەرانە وبۆنێکی لێوە دەردەچێت وەکو بۆنی میسک وایە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4200